# وەرزی گۆڕان و چاککردنەوەی هاوپەیمانییەکان!

22-01-2021

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە** : جۆ بایدن لەیەکەم گوتاریدا وەکوو سەرۆك، کە تێیدا زیاتر رووی لە ناوخۆی ئەمریکا بوو، بەچەند وشەیەکی کەم، پەیامێکی گرنگی بۆ دنیای دەرەوە هەبوو:"هاوپەیمانییەکانمان چاك دەکەینەوە." بێگومان، چاککردنەوەی ئەوهاوپەیمانی و هاوکارییە رەسمی و نارەسمییانەی ئەمریکا کە هەندێك پێیانوایە لە سەردەمی ترەمپدا خەساری گەورەیان پێگەیشتووە، دەتوانێت کاریگەری لەسەر سیاسەتی جیهان دابنێت.

**زریان رۆژهەڵاتی|**

**بەرایی**

جۆ بایدن لەیەکەم گوتاریدا وەکوو سەرۆك، کە تێیدا زیاتر رووی لە ناوخۆی ئەمریکا بوو، بەچەند وشەیەکی کەم، پەیامێکی گرنگی بۆ دنیای دەرەوە هەبوو:"هاوپەیمانییەکانمان چاك دەکەینەوە." بێگومان، چاککردنەوەی ئەوهاوپەیمانی و هاوکارییە رەسمی و نارەسمییانەی ئەمریکا کە هەندێك پێیانوایە لە سەردەمی ترەمپدا خەساری گەورەیان پێگەیشتووە، دەتوانێت کاریگەری لەسەر سیاسەتی جیهان دابنێت.

هەر لە قۆناخە کۆتاییەکانی سەردەمی ترەمپەوە، وەرزی گۆڕانی هاوپەیمانی و هاوکارییە سیاسی و سەربازییەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش دەستیپێکردووە، وەك بڵێی زۆرێك لەدەوڵەتان بیانەوێ، خۆیان بەپێی سیاسەتی چاوەڕوانکراوی دەرەوەی ئیدارەی بایدن رێکبخەنەوە. ئەمە ماتەوزەی کاریگەری دانانی لەسەر پرسی کوردیش لە هەناودایە.

**"چاککردنەوەی هاوپەیمانییەکان"ی ئەمریکا**

دەمێکە زبیگنیو برژنیسکی، باسی "هێزی لاوازیی" کردووە و لەوێشەوە، جەختیکردووە کە ئیدی بۆ پاراستنی هەژموونی ئەمریکا، تەنیا هێزداری بەس نییە! دەوڵەتان و تەنانەت ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانیش، بۆ ئەوەی ئاسانتربگەنە ئامانجەکانیان رێگای هاوپەیمانیی وهاوکاری دەگرنەبەر. بێگومان ئەمریکاش لەمەبەدەر نییە.

روانگەی جیاجیا هەن لەبارەی کاریگەریی"هاوپەیمانی" لەسەر سیاسەتی نیودەوڵەتی. بەپێی هەندێك لێکۆڵینڤان، لانیکەم نیوەی هاوپەیمانییەکانی سەدەی بیستەم، رێگایان بۆ شەڕ کردۆتەوە.[1]هەندێکیش هەنگاوێك زیاتر چوونەتە پێش و، پێیانوایە هاوپەیمانییەکان، قۆناخێکی بەرلە جەنگن! لێکۆڵینەوەیەك لەسەر هاوپەیمانییەکانی نێوان1816-2000 لە دنیا، گەیشتووەتە ئەوەی کە 60%ی یان بۆ ئامانجی بەرگری بوون.[2]هەندێکی دیکەش وەك ئامرازێکی دروستکردنی هاوسەنگیی هێزداری تەماشای کەن. هەرچۆنێك بن، هاوکاری و دواتریش هاوپەیمانییەکان، کە دەشێ رەهەندی جیاجیای ئەمنی و ئابووریشیان هەبێت کاریگەری لەسەر هاوسەنگییەکانی هێز دادەنێن.

ئەمریکا تەقریبەن لە ماوەی نزیکەی سێ دەیەی رابردوودا 4 هاوپەیمانیی گەورەی سەربازیی بۆ شەڕی دژی تیرۆر و شەڕی دژی عێراق رێکخستووە. پەیوەندیی دوو قۆڵیی سیاسی و سەربازیشی لانیکەم لەگەڵ 9 دەوڵەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و رۆژئاوای کوردستانیش هاوکارییەکی سەربازیی بۆ شەڕی دژی تیرۆر هەیە. بۆیە سفتکردنەوەی هاوکاری و هاوپەیمانییەکانی ئەمریکاش لە جیهان، وەك ئاسیا- پاسیفیك، ئەورووپا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانێت کاریگەری لەسەر رکابەرییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ چین و رووسیا و هێزە ناوچەییەکانی دیکەش دابنێت.

**وەرزی گۆڕانی هاوپەیمانییەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست**

ئەگەر ئەوەمان قبوڵ بێ کە دۆخی ئەمریکا وەك هێزە هەژموونییەکەی جیهان، کاریگەری لەسەر شکڵگرتنەوەی هاوپەیمانی و هاوسەنگییە سیاسییەکانی جیهان دادەنیت، دەتوانین بڵێین کە لە قۆناخە کۆتاییەکانی ئیدارەی ترەمپ و لەگەڵ یەکلابوونەوەی سەرکەوتنی بایدندا، هێزەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گوڕتینێکی زیاتریان بە گۆڕانی سیاسەتی دەرەکی و، رووکردنە هاوکاری و هاوپەیمانی داوە.

حاڵی حازر وڵاتانی کەنداو، لانیکەم 3 بابەتی هاوکاری و هاوپەیمانیی گرنگیان لەبەردەستدایە: بێجگە لە ئاشتی عەرەب ـ ئیسرائیل کە دەکرێ بە دەسکەوتێکی قۆناخی دوایی ترەمپیش سەیر بکرێت، بابەتی ئاشتی نێوخۆیی و کرانەوە بەڕووی عێراق لە ئارادایە و قەتەریش پێشنیاری کردووە لەگەڵ ئێرانیش دانووستاندن بکرێت.

ئێران بابەتی هاوپەیمانی 25 ساڵە لەگەڵ چین، هاوکاری لەگەڵ رووسیا، توندوتۆڵکردنەوەی ئەو هاوپەیمانییە شیعییەی کە بە" میحوەری موقاوەمە " ناوی دەبات و پێشنیاری پرۆژەی ئاشتی هورمز و دانووستاندنی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی هەیە. تورکیا لەلایەك

پێگەی خۆی لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤییەتی جاران بەهێز دەکات و لەلایەك ڕێککەوتنی سێقۆڵی لەگەڵ ئازەربایجان و پاکستان دەکات. لەلایەکی دیکەش بەتەمایە کێشەکانی لەگەڵ یۆنان کەمبکاتەوە و لە ئاستی گرژییەکانی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بە تایبەتی فەرەنسا کەمبکاتەوە. عێراق لەلایەك خەون بەراگرتنی هاوسەنگی و لەلایەکی دیکەش باس لە پرۆژەی شامی نوێ لەگەڵ میسر و ئوردون دەکات و لە هەمانکاتیشدا گیرۆدەی کێشەکانی نێوان ئێران وئەمریکایە.

هەرچەندە هێشتا هاوپەیمانی و هاوکارییەکان لەلایەك و ئاراستەی ڕکابەرییەکانیش لەلایەکی دیکە بە تەواوی یەکلا نەبوونەتەوە، بەڵام پێدەچێت ئەو قۆناخەی کە تێیداین، قۆناخێکی گوزەر بێت بۆ ئەوانە و زۆربەی هێزەکانیش خەریکە بە پێی ئەوە پێگەی خۆیان دیاری دەکەن.

**کورد و هاوپەیمانییەکان**

بەشیوەیەکی گشتی کوردەکان لەگەڵ سێ جۆری ئەکتەر و هێزەکانی دیکەدا هاوکاری و هاوپەیمانییان هەیە: هێزە سەروووناوچەییەکان بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا، دەوڵەتە ناوچەییەکان و هێزەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتانەی کە بە رەسمی سەربەوانن.

ئەو هاوپەیمانییە نیمچە رەسمییەی کە لە نێوان کوردەکان و بەشێك لە هێزەکانی رۆژئاوادا هەیە، بە رۆڵی کوردەکان وەك لەشکرێکی پیادەی شەڕی دژی تیرۆر بەهێزتربووە. بەڵام بەشێوەی گشتی کوردەکان وەکوو فاکتەرێکی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە سیاسەتی ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا بەرامبەر دەوڵەتانی خاوەنی پرسی کورد دەوریان هەبوە و هەیە. بەڵام بەگشتی هەر ئەمەش وایکردووە تا رۆژئاوا دەورێکی لە درووستبون و پاراستنی دو کیانی ئۆتۆنۆمی کوردی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەبێت.

ئالێرەدا روانگەیەکی سیاسەتی کوردی پێی باشە، وەك فریادەڕسێك سەیری بایدن و ئیدارە نوێکەی بکات. ڕاستییەکەی لەوانەیە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤ لەسەر دۆخی کوردەکان دابنێت بەڵام، پشتبەستنی زۆر بەوەش دەتوانێت هێواشکێن بێت. چوونکە لانیکەم تا ئێستا دۆخی کورد لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی ئەمریکا بەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی ناوچەکە پێناسە دەکرێت. جگە لەوە، ئەوەی ئەمریکاش بیکات سنووردارە. ئەگەری رێککەوتنەوەی تورکیا و ئەمریکا-سەرەڕای ناکۆکیی لە بواری جیاجیا- شتیکی کراوەیە. چوونکە تورکیا هەم ئەندامی ناتۆیە هەم وەکوو دواجار رەنگە بۆ ئەمریکاش گونجاو نەبێت کە زیاتر پاڵ بە تورکیاوە بنێت تا هەنگاویتر بەرەو رووسیا و چین بنێت. ئەگەری رێککەوتنەوەی ئێران و ئەمریکا لەسەر دۆسییەی ئەتۆمی و لابردنی گەمارۆکان، دەتوانێت کاریگەری لەسەر پێگەی ئێران دابنێت. دانووستاندن بۆ ئایندەی سووریا و بابەتی مان و نەمانی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقیش، بابەتگەلێکن کە بەشیوەی راستەوانە کاریگەری لەسەر پرسی کورد دادەنێن.

سرووشتی هاوپەیمانی و هاوکاریی هێزە کوردییەکان لەگەڵ هێزە ناوچەییەکانی وەك ئێران و تورکیاش زیاتر بۆ ئیدارەدانی خۆ و کاریگەریی دانان لەسەر هاوسەنگییە نێوخۆییەکانی هێزداری بووە. دۆخی ئیستای ئابووری ئێران و تورکیا، کێشەکانی سیاسەتی دەرەوە و ململانێکانی نێوخۆیی دەسەڵات لەو دوو ڵاتە، پۆتانسییەلی ئەوەی تێدایە کە مەیدانی مانۆڕی سیاسی کورد فروانتر بکات.

هاوپەیمانی و هاوکارییەکانی کوردیش لەگەڵ هێزە جیاوازەکانی ئەو وڵاتانەی کە بەرەسمی سەر بەوانن، بە کردەوە گەیشتۆتە بنبەست. هاوپەیمانی و هاوکاریی درێژخایەنی کورد و شیعە لە عێراق لە 2017وە بە کردەوە گەیشتۆتە بنبەست. لە تورکیاش هاوپەیمانیی کوردەکان لەگەڵ گرووپە چەپەکان و ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا، بەوجۆرەی کە هەیە دەستکەوتێکی وای بۆ کورد تێدا نەبووە. زیاتر وەك هاوپەیمانێکی نەخوازراو سەیر دەکرێت کە تەنیا دەنگەکانی بۆ شکستدانی ئەردۆغان پێویستە. لە سووریا، هاوپەیمانیی کورد و پێکهاتەکانی دیکە بە تایبەتی عەرەب، لە چوارچێوەی هێزەکانی سووریای دیموکراتێکدا زیاتر بە کەڵکی شەڕی دژی داعش هاتووە و تا ئێستا دەستکەوتێکی گەورەی سیاسی لێنەکەوتۆتەوە. لە ئێرانیش بە کردەوە هاوپەیمانی و هاوکاری گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کورد و غەیری کورد، کاریگەرییەکی گەورەی نەبووە.

**ئەنجام**

بەردەوامیی هاوکاری و هاوپەیمانییە نیمچە رەسمییەکەی کورد لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا هێشتا پێویستە و ئەمەش وەکوو چەترێکی ئەمنی کاریگەری لەسەر دۆخی هەردوو کیانە کوردییەکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە. هەڵبەت بە تەنیا پشتبەستن بەوە و لەپێشچاونەگرتنی یەکریزی ناوخۆیی بە تایبەت لەسەر پرسە هاوبەشەکان، دەتوانێت ئەنجامی خراپی هەبێت. خراپی دۆخی ئێستای وڵاتانی ناوچەکە، دەرەفەتێکی زیاتری بۆ کوردەکان رەخساندووە تا لە قەبارەی گرفتە نیوخۆییەکانیان کەمتر بکەنەوە. بێجگە لەوەش بە بنبەست گەیشتنی هاوپەیمانی و هاوکارییەکانی کورد لەگەل هێزە ناوخۆییە ئەو وڵاتانەی کە بەڕەسمی سەر بەوانن، پێویستیی پێداچوونەوەی بە سیاسەتی هاوکاریی و هاوپەیمانییەکانی کوردی لەو وڵاتانە دەرخستووە.

Singer **and** Small _ [1]

"Goodrich, Ben (2004), **"Alliance Formation and International Relation Theory** _[2]

Government2710- Week09,Response Paper,April.pp.1-2,